نەزاد عەزیز سورمێ



# کەوێ
# بەفرەکانی
# دۆزەخ

چاپی یەکەم - 2016

نەژاد عەزیز سورمێ

# لەوێیە بەفرەکانی دۆزەخ

https://www.facebook.com/mali.wafa


- نەژاد عزیز سورمێ
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ
- شیعر
- تابلۆی بەرگ: هونەرمەند حەمید جەمال
- خەتی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
- دەرهێنانی هونەری: شاعیر خۆی
- جێبەجێ کردنی: کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2016
- نرخ: ( 2000 دینار )
- چاپخانەی: ڕۆژهەلاٚت
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارە ( 184 ) ی ساڵی 2016 ی دراوەتێ

نەژاد عەزیز سورمێ

# کەوێە
# بەفرەکانی
# دۆزەخ

چاپی یەکەم – 2016

# کەویە بەفرەکانی دۆزەخ

*".. من هەمیشە خەون بەوە دەبینم*
*باڵم هەبن لەگەڵ تۆدا بە ئاسماندا بفڕم..*
*بەڵام تۆ هەردەم بیر لەوە دەکەیەوە*
*جێم بهێڵی و بە تەنێ خۆت هەڵدەیە دۆزەخ..*
*بۆچی؟.."*

*وی هیوی*
*لە ڕۆمانی ـ شەنگهای بیبی ـ دا*

(1)
شەرەنگیان
لە پیاڵەیەکی زێڕ پێ نۆشیم.
چاوە مەستەکان دەسخەڵەتیان دام..

چاوە مەستەکان کەمەندیان
لە مل نا، لە دڵ کردم..
چاوە مەستەکان کوشتمیان.

(2)

سیماكان ون بوون ؛
كەس نازانیّ كەوتوونە كویّ...
ئەوەی هەیە ماسكە.
ئەوەی دیارە ماسكە.
دەتەویّ ماسكە،
ناتەویّ ماسك.

(3)

بەسەر ئەژنۆدا کەوتبوو،
یەکەم جارە
ژنان ببینم
لەباتی فرمێسک
مرواری ببارێنن.

(4)
كليلی دەرگا داخراوەكان
لای بووكی زەریایان نییە.
بە بەهاری خەواڵوو و
هاوینی پێخواسیش نییە.

کلیلی دەرگاکان
کلیلی ئەفسانە و داستانان
بە ئافرەت و منداڵانی شنگالە
کە سەتان ساڵە ڕادەکەن.

(5)

ئەوە وەختێك بوو
مەسیحیان لە خاچ دەدا
ئێستا منداڵان مەسیحن..

(6)

ولاَتیَکم
لە خەوندا دی
بە سەدای دەف،
خۆری لێ هەڵدەهات..
بە سەمای ژنان، لێی ئاوا دەبوو..
ولاَتیَکی خۆش و ئاوەدان بوو..
بەلاَم خەون بوو.

(7)

ئەو خوداوەندانەی
هەمیشە بێدەنگیان کردووین
نزا و هاواریان پێ کپ کردووین؛
ئێستا لە شەقامی
پایتەختە بە ژاوەژاوەکانی،
سەدەی بیست و یەکەمدا
سواڵ دەکەن.

(8)

پاسارییەك بەخشكەیی
لێم نزیك دەبووەوە
پاساری مەرگ بوو
پێڕانەگەیشتم بزانم بۆچی هاتووە.

(9)

مۆسیقای سپێدە لە کوێ بێنم
کە زەردە لە سەرانەو
من هێشتا نەنووستووم؟

(10)

به ڕێیەکدا دەڕۆیشتم
لە تابلۆیەکی ئەبستراکت دەچوو،
ئەندێشە..
تاوگێری..
ڕەهایەتی..

ژیان سەیرە!
سەیرە ژیان!
بە ڕێیەکدا بڕۆی
لە تابلۆیەکی ئەبستراکت بچی.

(11)

سەمای سەحەر
کە لە نیوەی پیاڵەیەکی پڕ،
لە تارای بووکی نوور دەچێ؛
ژیان،
بە گەردی بەیانییەوە دەخەملێنێ..
هیوا نزیك دەکاتەوە.

(12)

ئەو عەترەی لەخۆت داوە
بۆنی ناکەم، دەیبینم..

(13)

پەڵەیەك بە دامێنی چیاوەیە ؛
هەیە دەڵێ،
تۆ تەماشا شاخیش
ڕوومەتی تاوگەز دەبێ.
هەیە بە برینێکی قەتماخگرتووی
دەچوێنێ!

بەڵام پەڵە،
نە گۆنای تاوگەزە
نە برینی قەتماخگرتوو
دەوەنێکە،
لە شایی سەرچاوەکانی لوتکەوە
هەوری ڕاخستووە و
بارانی بەخۆیدا داوە.

(14)

که وەژوور کەوت
چایخانە مۆر بوو
باڵایەك، نەخشی خوا...
کارتی دەبەشییەوە..

**دوای ڕۆیشتنی**
**تا چەند ڕۆژێ**
**سێبەری باڵای،**
**بەسەر کورسی و دیواری چایخانەدا مابووەوە..**
**چایخانە مۆر دەچووەوە.**

(15)

ئەی شازادەی
نیشتیمانی ئاییندەمان،
نیشتیمانی
بێداربوونەوەی گوڵە شین و سپییەکان..!
تکایە شتێك بکە!
هەستە موچڕکپۆشە، سڕمەززەبە، نازانمگەراکان
لە بەهاربەندی ویژداندا دەرنەچن.

(16)

گوێی ئەو دوورگانە چەند سافن
دەڵێی سەدای خەرەندانن
ڕۆشنایی دەبینن
ڕەنگ لە یەکدی دەکەنەوە
ڕەنگ بەیەکتر دەدەنەوە!!

(17)

یاری بە جەستە
لە چاو ترووکانێکدا دەردەکەوێ.
یاری بە هەست،
سەدەیەکی پێ دەچێ.

(18)

ئێستا تێگەیشتم

پەیبردن،

بۆچی نیشانەی بەدبەختییە..

تێگەیشتم ئێوارەی تەمەن
بۆ لاڵە.
دڵت بەردئاسا
کانگەی سۆز و نەرمییە
ئێستا تێگەیشتم.

(19)

تۆ بیر لە ژەهری جەستە
لە لێوارە بەلەنجەکانی لەزەت،
دەکەیەوە..
تۆ بیر لە من ناکەیەوە.

(20)

ڕۆژگاری وەرزە داراکان
ئەو وەرزانەی،
بە زەردەخەنەیەك دەژیان
ڕۆیشتن...
ناگەڕێنەوە...

(21)

بەختەوەرە

ئەو نەوەیە، بەختەوەرە
لە نهێنی جەستە و
باری گرانی ڕۆژگار دەگا.

ئەو نەوەیە،
بەختەوەرە..
هەر کات بیەوێ
جێژوانی دەست دەکەوێ.

(22)

نیوە مردوو بووم
لە بەینی چاڵ و ماڵاندا مابوومەوە،

گوێم لێ بوو
ئاوازێك
لە ناوەڕاستی دارستانێکی چڕدا
لە غەفڵەتی پاسەواندا
بە دیواری سینەمدا هەڵدەگەڕا
دەخزایە دەمارە ماندووەکانم.

(23)

منیش ئەگەر
هەڵەشەیی و ڕەنگکوێری و هەڵپەییم
لەدەستدا بووایە
سنوورێکم بۆ هێرشی چۆلپەرستان دادەنا.

ئەگەر دڵم
بەڕاستی لە سنگما بووایە
نەمدەهێشت ژنان یاری پێ بکەن.

(24)

نیشتیمان ئەوە نەبوو
لە چیرۆکێکی کورتمان نووسییەوە.

به داخەوە،
جارێکی دیش بەداخەوە
نیشتیمان خاچێکی ئاسنین دەرچوو
لە شەڕ، لە مەرگمان زیاتر لێ نەدی..

بەداخەوە، سەت هەزار جار بەداخەوە
نیشتیمان
(سەیرانگای بەهاران..) نەبوو.

(25)
ئەوەی خوێندمەوە هەڵوەری.

ئەوەی بینیم،
بەداوای لێبوردنەوە درۆ دەرچوو..

ئێستا قەڵەمیش،
ئیلهام لە بادەی شەراب و
چاوغایەنی و شەوبەکێویدا هەڵدێنجێ..

دونیا هەمووی
بووە بە
شانۆییەکی وەڕسکەر.

(26)

باران نییە.
تاوێکی لەو ڕەنگە گەرمیش نییە..
من ئەو چەترەم بۆ هەڵگرتووە؟
بەخێر بێی سەرەتای شێتیەتی!

(27)

وریابە!
ئەوەندە ڕوومەدە با
باران شەوانی گۆشەگیریت،
ڕووناک دەکاتەوە..

زۆرمان بۆ با کرد..
لە ڕەشکردنەوەی بەفرو
بەلاداهێنانی دەرختان
چی دیکەی بۆ نەکردین.

(28)

خەم نیشانەی نییە
هەیبووایە،
نامەردان
ئەویشیان
بە پرۆژە کورتهێنەرەکانیان
دادەپۆشی..
نەیاندەهێشت دەربکەوێ..!

ئەوە ڕاست نییە
مرۆڤ تا هەتایێ نامێنێ!
وابووایە
ئەو ماوە کورتەی ژیانمان،
ئاسوودە بەڕێ دەکرد.

(29)

قەسیدەیەك
وەك كۆڵستڕۆڵی بەد
لە دەمارەکانمدا گیر بووە
نازانم کەی دەمکوژێ.

(30)

هەرچی ڕەنگی دونیا هەیە،
بە پەتێکەوە هەڵدراونەتە ئاسمان..
ئێستا زانیم
ئاسمان بۆچی
جوانی جارانی نەماوە.

(31)

له باوەش گرتنی بەدەر
ئێمە،
چ دەتوانین
لەگەڵ پەیکانی شکانەوە بکەین؟

(32)

ئەو هەناسانەی
لەم تابلۆیەدا نمایش کراون
بەڕادەیەك تەنگن
ئێستاش نەبێ،
تاوێکی دی لە چوارچێوە دێنە دەرێ.

(33)

که سەرپشکیان کردی
دیاریەك وەربگرێ ؛
گیای بناران
کەفی شەپۆلان
نەمامی کەنار..

(34)

ترس دەچێتە دڵی والاوە
ئەوەی بیەوێ،
ئازاد بژی
نابێ دڵی بۆ ترس
بکاتەوە.

(35)

ساوی دیواره بەردینەکان
ژوانی نهال و پەنا و پەسیوان،
نۆستالیژیای برینانە.

(36)

ئەو خانمە سپیپۆشەم
وەك چرای زەمانێ دێتە بەرچاو
کە ئێستا ڕووەتی بۆ گەڕاوەتەوە..

خانەی خەفەت و
شیبای بەهەڕمێنی،
سەردەمی کاڕخانەچییانە.

(37)

کۆتر فڕی ئیتر...
دەست لە چۆك وەرێنان
چ سوود؟

(38)

پێك هەڵدان دەبێ

پێش،

تێكشكانی ،

خۆشەویستی بێ.

(39)

له پەنجەرەڕا
مانگ ،
خاڵێکی سپییە
بە تەوێڵی زەوییەکی دی ڕەشی
خاڵ خاڵەوە.

(40)

له ژوانێکی ئافرێنەر
که پێك دەگەین و
خۆمان به بەختیارییەوە
پیس دەکەین ،
ترسی گومانکاران
دەبێته هەوری هاوینان.

(41)

من کۆلاژ دروست دەکەم..

کۆلاژ، هونەری پالأوتەو
سوختەی دیدارئاخر بوون..

**حیکایەتە لەناو چوو و**
**هێشتا نەهاتووەکان دەگێڕمەوە..**

ئەوە خەونی منە
درەخت بۆنیان هەبێ
وەرزەکان پێبکەنن..
باران ئاهەنگ لە شکارتان، بگێڕێ..

ئەوە خەونی منە،
خەمتان لێ نەخۆم..
خەمتان نەدەمێ..
خەونێکی چۆنە؟؟

(42)

کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ دەدا،
دڵم دادەخورپێ..

ئەوە چ کسپەیەکە،
چ بەڵایەکە خودایە
بۆ عەبدی خۆتت ناردووە؟

(43)

ڕەشەبای
لەقژی تۆوە هەڵدەکا،
بە هێمنییەکی نەدیتراوەوە دامدەپۆشێ.

من ئادەمییەکی بە سەبرم
دەنا ڕەشەبا و هێمنی ؟

(44)

موچڕکی جەستەت،
لە موچڕکی کاتی
شیعر نووسین دەچێ.

(45)

کوێریش بین
چیمان پێ نەکرێ
ئەوە دەتوانین
هەرچی تاریکی دونیا هەیە
بەناوی خۆمان بکەین.
با چاو ساغەکانیش
بە ڕووناکی کوێر بن.

(46)

که منداڵ بووین
بەوە دارا بووین
دوو دارمان لێ دیار بوو.

ئێستا لە تافی ئازادیدا
لە مۆڵ و
دیواری شووشەبەند و
وایەری تێکچرژاوی
موەلیدان زیاتر نابینین.

(47)

ویستم قەسیدەیەك
لە بارەی تینیوویەتییەوە بنووسم

**سەیرە**

هەموو شتێکم بەبیردا هات

ئاو نەبێ!

(48)

خەونم دی
لە دارستانێکی نزیك (وایت هاوس)
لە باڵ ئافرەتێکی ئەمریکاییدا بووم..

هەموو پرسیارەکانمان وەڵاَم دایەوە..
لەگەڵ ئەوەشدا
چەندی کردم،
نەیویست بمناسێ!!

(49)

ژنێك
بیر لە پیاوێكی
پرچ زەردی چاوشین دەكاتەوە.

پیاوێك
بیر لە
ژنێکی قژ ڕەشی ئەسمەر!!

(50)

من بە دێرێك پێت دەڵێم:
لێوەكانت ژیان و مەرگم لە بیر دەبەنەوە.

(51)

ئاگرێکی چوار گۆشەمان بۆ پێ کراوە
لە پاژنەی ژنێك دەچێ..

وێنەی ئەو شارانەی
شەو و ڕۆژیان تێدا نییە
ئەو بە وی دی هەڵدەکا
شەقام دەیداتە دەست شەقام.

(52)
شارستانییەت،
واتە ئاشتی.
لە منداڵی،
ئەوەیان
بە بەرەواژی تێگەیاندین.

(53)

ئێمە دەنگی
ئاهەنگ و شاییمان
دەگاتە ئاسمانان...

لێ کۆترمان
لە بنمیچان دەگمێنێ!

(54)

ئێوارەیەکی نائاساییی بوو

پیاسەم بە جەستەدا دەکرد؛

بە گەردندا شۆڕبوومەوە...
تا ئەو کاتە نەمزانیبوو
گەردن خەرەندێکی ئەوەندە تووشە
بەرەو باخچەی هەناران
خلۆرم دەکاتەوە..
بە دۆڵی هات و نەهاتم دادەدا.

(55)

تا چاو ماندوو دەبێ،
لە مەستیت دەڕوانم..

مەستی لە پۆلی مەرگە
سنووری هەیە..
شیعر سنووری نییە..

(56)

له قوربانگەڕا،
شکۆفە سەربڕاوەکان
بەسەر چڵی درەختەکانی
بەر پەرستگاوە دەبینم..

تێیان ناگەم..
نازانم چین..
نازانم بۆ؟
نازانم سەربڕ
لە قشلاخەوە هاتوون،
یا ئێلاخ؟
لێ دەزانم نیشانەیەکی سپی نییە..
من نەموتووە ژیان خۆش نییە
بەڵام کوا؟

(57)

با ئەوە بە نهێنی بمێنێتەوە
چۆن و لە چ کاتێکدا دەنووسم

ئەوەندە دەڵێم،
هەمیشە ئەو مێرگانەی
بە پێخواسی
پێیاندا ڕۆیشتووم
بۆنی بەهەشتیان لێ هاتووە.

(58)

جەستەی ماندووم،
وێنەی گەڵای پایزان
بە پشە بایەك هەڵدەوەرێ..!

ئێوە بیرتان لەوە کردووەتەوە
جەستە بە با هەڵبوەرێ؟

(59)

که منالٚ بووم
گوێم لە مۆسیقا نەدەبوو..
دەنگی ئەو گوللانەی،
شەڕ لەسەریان چاندبووم
نەیاندەهێشت..

ئەوسا؛
ئەگەر گوللەیش نەبا
لەبەر نەوای کچی سروشت
کەس مۆسیقای لە یاد نەبوو.

(60)

سروشتخوازان نووستون
به پاكی بمێنەوە ئەی خاك!
ئەی دوا ئومێد!

سروشتخوازان
بەزمگەیان پێ بەرنادرێ
بە پاکی بمێننەوە
ئەی خاك!

(61)

پێی لە دڵم ناوە...
لەبەر هەوای خۆی
ئاگای لێ نییە.

(62)

مەرگ، لە زستانێکی تووشدا
بە کۆنە پاڵتۆیەکەوە هاتبوو
تەنیا یەك قۆپچەی پێوە مابوو..

ئەی (مەرگ)ی ڕووتەڵە، مەرگی هەژار!
ئێمە ڕۆژانە
سەتانی وەك تۆ
بە تەواوی ئەناقەت و
پاڵتۆی نوێی ئوتووکراوەوە
سەردانمان دەکەن.

(63)

دوێنیٚ شەو
کیٚ بوو
گوڵاوپڕژێنی کردم؟

دوێنێ شەو، کە مردبووم
کێ لە خەوی ئەبەدی
بێداری کردمەوە و
دڵی بە من خۆش کرد؟

(64)

له سەفەری هات و نەهاتەوە
گەڕابووەوە..

ماندوو... شەکەت
لێ ئومێد ون نا
تاجە ئەستێرەیەکیان لەسەرنا!!

ئای لە وەفای مرۆڤ ..
لە دونیای غەددار..

(65)

بەسەر هەوری شینەوە
نامۆ، غەریب
ژیانی بەڕێ کرد..
لەبەر سێبەران
بەیانی بە ئێوارە و
ئێوارەی بە شەو سپارد..
حسابی بۆ سەراب
بۆ باران نەکرد کە شانی دەکوتا
لەگەڵ ئەوەشا
با بەزەیی بەدرەختان نەهاتەوە.

(66)

ئەمشەو ؛
تابلۆیەکی (حەمید جەمال)م هەڵواسی
کە هەر ئەو شەوە پێشکێشی کردبووم
لەو تابلۆیەدا بۆم دەرکەوت:
ڕەنگە زۆرجار
شەفەق و بوولێڵ
گوڵ و خوێن
ڕەنگ لە تابلۆیان وەربگرن.

(67)

دڵم لە دارستانە چڕەکاندا ون کرد
کە نەمدیون..

دڵم لە شارە گەورەکاندا لێ دزرا
کە سەردانیانم نەکردوون.

دڵم لە ئاگرە دامرکاوەکان..
لە بەفرە هەڵایساوەکان..
لە باخچە بەردراوەکان و بانیژە لەرزۆکەکان..
لە بن باڵی زەرنەقووتە بێ دەسەڵاتەکان
لە چاوی بێ سەری خوێنەران
بووژایەوە..

(68)

دڵێك لەدەستەی شووشە..
شەوقێكی تاریك..
تارماییەكی ڕەش..
وەنەوزێك لەسەر سنگی تۆ بردمییەوە
شەوق وەك خۆی لێ هاتەوە
تارمایی، ئێستاش نازانم
چۆن ون بوون.

(69)

ناپرسم
ئەو شینایەتییە غەریبە،
کە نە لە هەور دەچێ، نە دەریا..
چییە؟

دەزانم
گریانی بەکوڵی با و
ڕامانی دەروێشانەی عاریفانە
ئادگاری ڕۆحم پێ دەناسێنن.

(70)

چرا بە فرمێسك كوژابوونەوە..

ئاپۆرایەك،
دەوری جەنازەیەکیان داوە
مێژوو و جوغرافیای
لە قومارخانەیەك دۆڕاندووە..

(71)

**چۆلەکەیەك هێلانەی**

**لەسەر زرێپۆشێکی شکاودا چێ کردبوو ؟**

بێچووەکانی
لە باتی پەڕ
تیخیان دابوو.

(72)
وێنەی بارانێکی نەرم ،
بە پرچیدا هاتمە خوار..

ئەو چاوە پڕ لە بوغز و ئێرەییانە
بۆچی لێم ورد بوونەتەوە؟

من ڕەهێڵە نەبووم، باران بووم
ئەو شەپۆلە شێتانە
بۆ بەو هەشتاوییە بەرەو من دێن؟

(73)

تەنێ مانگ مابوو
لە پەنجەرەوە شادی،
پێ دەبەخشیم..
ئەفسووس
ئەویش
ئەویش هەر شەوێك بوو
چیدی
نەهاتەوە.

(74)

دواجار
ئەوەشم بینی
دڕك لە ترسان
خۆیان لەناو گوڵاندا بشارنەوە..!

(75)

بتوانم
بە هەموو تینم
خەنجەرێك لە تەكنەلۆژیا دەوەشێنم
كە ناهێڵێ تاوێ
نان و ئاوێكی ئاسوودە بخۆین..

(76)

بۆ کوێ دەچی؟
بۆ کوێ دەچی خانەگەردان؟
تۆ چڵێکی،
نە ڕەگت ماون نە ڕیشە
بۆ کوێ دەچی
بەردکێشی زەمانی دەقنەنووس؟

(77)

سەمای ناو بەردەڵان
لە مۆسیقای دۆزەخ دەچێ،
کە ئاهەنگی خلۆربوونەوە و وێککەوتنیان
نەخشەی دوا بوومەلەرزەی فەنابوون
لە ئاسمانەکاندا دەکێشێ.

(78)

ئەوەی بە هونەر ناسراوە.. نایناسین

ئەوەی شیعرە نایناسین.
ئەوەی بە شێتایەتی ناو دەبرێ،
نەمان دیوە.

**هیچی دی نمووەدی نییە**
**شتەکان هەمووی لە درۆدا هەڵکێشراون.**

(79)

کێ دەڵێ بەردی ئەو ڕەوەزە
بەدەیان قەسیدەی لەبن نییە؟
بە چ دەلیلێك
ئەو ڕێگایە دەگاتە جێ؟

(80)

چ مەرگێكی جوان بوو
مەرگی ئالان،
ئەو منداڵەی
بە هیوای پایسكلێك
دەریای تەی كرد..

پاشان
ڕێکەوت وابوو
لە باوەشی فریشتاندا
خەوی لێ کەوت
هەر لە باوەشی فریشتانیشدا
زۆری نەبرد
ئالانی بچکۆلانە پیر بوو
ئیتر پایسکلی لەبیر چووەوە..

چ مەرگێکی جوان بوو
مەرگی ئالانی پیر بە منداڵی
مەرگی ئالانی منداڵ بەپیری

چ خەوێکی جوان بوو
خەوی ئالان
جوان پڕ بە باڵای قەسیدەیەك
کە هێشتا نەنووسراوەو
قەتیش نانووسرێ.

جوان بە قەد، کرێتی و درێژدادڕی
کۆبوونەوە بێزارکەرەکانی (سازان)
جوان بەقەد،
ناشیرینی هێزی ئەمەریکای بەدبەخت!

(81)

نازانم
بۆچی شەو
بەخۆی و
خەنجەری هەڵکێشراوی
لە کۆڵم نابێتەوە؟

کەسێ نییە پێی بڵێ؟
کەس نییە بەشەو بڵێ
بۆ واز لەو پیاوە ناهێنی؟
تۆ خۆت بە چی دەزانی!
ئێستا زەمەنی
زۆر لە تۆ
تاریکتر و دوورتر و ئەستوورتر
پەیدابوون.

(82)

پێکەوە بووین
پێکەوە ئاگرمان لە خوداوەند دزی..

شەتاوی کوێستانانمان
پێکەوە خواردەوە..

چی بوو؟
چی ڕووی دا؟
شنەی درەوشانەوە؟
شەبەنگی ناوەختی تاریکی؟!

(83)

شنگال ئاسمانێکە
لەسەر چیاوە،
ئەستێرەی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر دونیادا
بەردەداتەوە،
لە نەخشی مافوور دەچن..

شنگال بزەی بۆ خەرمانمان گەڕاندەوە.
شنگال،
نیشتیمانی
بەبێ نیشتیمانان بەخشی.

(84)

کۆبانێ
ڕووبارێکی شێتە
بەخوڕ
بەناو قەدی چیاکانمانەوە تێدەپەڕێ..

کۆبانیٚ ڕووبارێکی شێتە
هەوری هەموو دونیای لەکۆڵە..
ترسی هەموو دونیای،
لە کەناری سەوزیدا هەڵگرتووە..
ڕۆژانە ؛
بە شەباقەی سنگی کچانی چاوگەشی
کە لە گوڵی سەرەتای بەهار دەچن،
دۆزەخ پیێشانی
مەرگهێنەران دەدەن

کۆبانێ
پەلکەزێڕینەی ناوەختی نیشیتمانم
گەردێکە لە خۆری مەحاڵ..
چرپەیەکە لە قووڵایی دەریادا.. کۆبانێ.

(85)

لەژێر کەڤرێکدا بوو
لە چەند پەڵەخوێنێکم زیاتر
لێ دیار نەبوو
وێنەی چیم بگرتبووایە؟

(86)

که ڕۆیشتین
چەشنی مینایەکی شکاو دەڕۆین

پاشان،
پاکەوانێك
بێدەنگ،
بێ باس،
بێ هەواڵ،
کۆمان دەکاتەوە..

(87)

بەرەو کوێ؟


دیسان بەرەو مەنفا؟
ئەی مێشکی ماندوو
سەری بە ئێش!؟

له تاریکییەوە بۆ تاریکی
چ برینێك سارێژ دەبێ؟

ئای نیشتیمان
چەندت غەدر لێ کردین
چەندمان غەدر لێ کردی.

نێوان
2014 و 2015

## هەوڵە چاپکراوەکانی



### 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی وڕۆژنامەنووسیکورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزادمحمدکریم)،چاپکردن وبلاّوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانیکوردستان(لەشاخ) چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆیسەلاحەددین1991.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبەکوردی ـ لێکۆڵینەوە- گۆڤاری (ڕۆشنبیریینویٚ) بەغدا،پایزی1986.
- هەڵەیچاپ،ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ. لێکۆڵینەوە ـ بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا1988
- وێنەوکاریکاتێر وتایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەرییکوردیدا.لێکۆڵینەوە- بەسیٚ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە85و86و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەرییکوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا ـ چاپییەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کەلەهەندەراندەردەچوو، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپیسێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997.
- ئاژانسیدەنگوباسیکوردستان(ئاداکADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن. لێکۆڵینەوە ـ ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993، چاپییەکەم بەکتێب هەولێر1993، چاپیدووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997،چاپیسێیەم هەولێر2005.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنماییێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووریکوردی ـ چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپیدووەم سوید1996،چاپیسێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە،چاپی یەکەم هەولێر- کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەرییکوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی، چاپییەکەم هەولێر1999،چاپیدووەم2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپییەکەم2005.

### 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ: چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەڵێکیجەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا1994،چاپیکوردستان 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێ یانەی بەسەرشەختەدامابوونەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆیشیعرەکان پێکەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە،چاپییەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا لە نەگوترابوو، چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ، چاپی یەکەم 2016.

### 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە،چاپخانەی (عەلا) بەغدا 1980،چاپیدووەم بەزیادکراوییەوە- هەولێر- کوردستان 2005..
- ڕێگاوبان،پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە.چاپییەکەم چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983،چاپیدووەم هەولێر- دەزگای موکریانی 2005.
- سەرەتاییێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپییەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا1986.
- چاپیدووەم ـ هەولێر- دەزگای موکریانی2005.چاپیسێیەم ـ هەولێر 2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپییەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990،چاپیدووەم ـ سوید ـ کتێبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005.
- دایکیکورد ـ دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپییەکەم 1996، چاپیدووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر،چاپی یەکەم ـ کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام ـ شیعر، چاپی یەکەم 2016.

### 4) پیشانگاکانی کۆلاژ- ناوەڕۆکی 5 پیشانگا

- پاییزی چاوەکان،کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کلاۆڕۆژنەیەك لەشەختەدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکان- چاپخانەی وەزارەتیڕۆشنبیری 2005.
- شرفە- بەزمانی عەرەبی،چاپییەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998.،چاپی دووەم بەکوردی بەناوی (گەمەشاراوەکانی با)،بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا،چاپییەکەم 2008 .
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراوو نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

*Nazhad Aziz Surme*

# The Hell's Snow Piles

## Contemporary Kurdish Poems

First edition
Kurdistan-2016



*Nazhad Aziz Surme*

# The Hell's Snow Piles
# Contemporary Kurdish Poems

First edition
Kurdistan-2016